# وردە فیرعەونەکانی کوردستانی کۆن*

بەدرێژایی مێژوو پادشایان هەبوون خۆیان دەخستە ڕیزی بتە زۆرەکانی وڵاتەکەیان و خۆیان بەخوداوەند دەزانی. ئەمە ڕەفتارێك بوو(میسر)ی فیرعەونی بەدرێژایی مێژووەکەی بینیبووی. شارستانییەکانی تریش لەم دیاردەیە بێبەش نەبوون. شارستانیی کۆنی وڵاتی دووڕوباریش یەکێك بوو لەو شارستانییانەی پادشای خۆبەخوداوەندزانیان بەخۆوە دیبوو هەرچەندە ئەمە لە تەنیا چەند سەردەمێکدا بووە. کوردستانی کۆنیش بەحوکمی کارتێکردنی ئەو شارستانییە لەسەری دیسان پادشای لەم جۆرەی هەبوو.

## خۆ بەخوداوەندزانین لە وڵاتی دوو ڕوباردا

نزیکەی بیست پادشای وڵاتی دووڕوبار خۆیان خستبووە ڕیزی خوداوەندەکان ئەویش لەنێوان ساڵەکانی (٢٣٠٠)و (١٥٠٠)ی پێش زایندا[١]. لە(ئەکەد)دا ـ کە دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتی دوو ڕوبار ـ پادشای ئەکەدی سارگۆن (شارروکین) (٢٣٧١ـ ٢٣١٦ی پێش زایین) بە ناوی ((خوداوەندی ئەکەد)) دەناسرا[٢] بەڵام (نارام سین)ی کوڕەزای (٢٢٩١-٢٢٥٥پ.ز) هەنگاوێکی گەورەتری ناو نیشانکەرەوەی خوداوەندێتیی[٣] خستە پێش ناوی خۆیو بەم جۆرە ناوەکەی بە (خوداوەند نارام سین) دەخوێنرایەوەو ئەم پادشایە یەکەم پادشای عیراقی کۆنە کە بزانین کارێکی وای کردبێت. پاش ئەکەدییەکان، گوتییەکان فەرمانڕەواییان کردو لەوە ناچێ کاری وایان لێ وەشابێتەوە، بەڵام لەو سەردەمەدا (گودیا)، حاکمە سومەرییەکەی شاری (لاگاش)ی سومەری خۆی کردبووە خوداوەندو گومان نییە پاش مردنی وەك خوداوەندەکان قوربانی پێشکەش بە پەیکەرەکەی دەکران[٤].

پاش گوتییەکانیش پادشایانی زنجیرەی سێیەمی شاری ئور Ur ی سومەری نزیك (ناصرییە) لە باشووری عیراق ئەم کارەیان زیندوو کردەوە ئەویش کاتی شولگی Šulgi (٢٠٩٤-٢٠٤٧ پ.ز). پادشاکانی دوای ئەویش شوێن پێی ئەویان هەڵگرت. کە زنجیرەکەش ڕووخا ئەم کارە نەوەستا بەڵکو بەپێچەوانەوە لەناو پادشا زۆرەکانی ئەو کاتە بڵاوبووەوە. لە زنجیرەی یەکەمی بابل؛ حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠ پ.ز) بە ناوی (حامورابی- خوداوەند) ناسرابوو و خۆی ناونابوو ((خوداوەندی پادشایان)) هەرچەندە مەبەستی لەوە نەبووە خۆی بخاتە ڕیزی خوداوەندەکان[٥]. لە لاسایی کردنێکی درەنگترو لە قۆناغ دەرچووشدا هەندێك لە پادشا کاششییەکان – کە دوای زنجیرەکەی بابل حوکمیان کرد – خۆیان بە خوداوەند زانیبوو[٦].

---

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە١٤، ٥/٨/١٩٩٧، ل١٥١-١٥٢. ئەوەی ڕامان کورتەیەو لێرەدا شتم بۆ زیادکردوە کە لە نوسخەی ئەسڵیدا هەبوون و جگە لەوە بۆ ئەم کتێبە شتی ترم زیادکردووە.

[١] د. عبدالرضا الطعان، الفكر السياسي في العراق القديم، ، ١٩٨١، ل ٤١٢.

[٢] سەرچاوەی سەرەوە، ل ٤١٠.

[٣] بە سومەری dingir و بە ئەکەدی ilum یان ilu . نیشانکەرەوەکە دەخرێتە پێش ناوی خوداوەندەکە.

[٤] الفكر السياسي، ل ٤١٠.

[٥] هەمان سەرچاوە. بڕوانە سەرچاوەی خوارەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی حامورابی بە خوداوەندی پادشایان زانرابێت:
E.Reiner, in ; RA, 64, 1970, p.73

[٦] الفكر السياسي ، ل ٤١٠.

سەبارەت بە چۆنێتیی پەیدابوونی ئەم کارە ڕەنگە شتێکی وەهامان نەبێت تەفسیرێکی گونجاومان بداتێ، بەڵام لەوانەیە پادشا هەرە کۆنەکان بەر لەپادشایانی ئەکەد دوای مردنیان پلەی خوداوەندێتییان پێ بەخشرابێت.



نەخشەکەی نارام سین - پیر حسێن نزیك دیار بەکر- مۆزەخانەی ئەستەمبوول



نارام سین لە (میلی سەرکەوتن)یدا مۆزەخانەی لوڤر

ئەمە دیاردەیەکی دەگمەن نییە، بۆ نموونە چەند سەدەیەك دوای پادشایانی ئەکەد پادشای خاتتی (حیثی) مورسیلیی دووەم (ئەنادۆڵ ــ کۆتایی سەدەی (١٤)ی پێش زاین) باسی مردنی باوکی کردووە (کە پادشا بووە) بەوەی کە ((بووە بەخوداوەند)) و ((چۆتە ڕیزی خوداوەندەکان))[1]. مردووپەرستن دیاردەیەکی بەرچاوی مرۆڤایەتییەو گەورەترین ئەسڵی ئایینە شرکییەکانە.

بەڕای خۆشمان بەخوداوەندزانینی پادشایان دوای مردنیان کارێکی وا نەبوو بەتەواوی لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو سەردەمەدا نەگونجێت (هەرچەندە بۆ خۆی بیدعەیەك بوو)، بەڵام دواتر بیدعەیەکی گەورەتر هاتە ئاراوە ئەویش پادشایان ویستیان لەکاتی ژیانیاندا ببنە خوداوەندو بپەرسترێن.



نەخشەکەی دەربەندی گاور

شارێکی وەك (ئەکەد)یش خوداوەندی تایبەتی خۆی نەبوو کە بەهۆیەوە بناسرێت و وەك زۆر لە شارەکانی تر بێت کە هەریەکەیان خوداوەندی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆیە بەڕای ئێمە سارگۆن خۆی کردە خوداوەندی شارەکە، ئەو شتەش کە پشتگیری ئەم ڕایەمان دەکات دەقێکی (نارام سین)ە کە لە(باسطکی)ی نزیك زاخۆ دۆزرابووەوەو تیایدا نووسیویەتی خوداوەند ئیشتار لە ئیئانناو خوداوەند ئێنلیل لە شاری نیپپور.. و خوداوەند سین لە شاری ئور...تاد ئاواتەخوازبوون نارام سین ببێتە خوداوەندی ئەکەد[2]. نیشانکەرەوەی خوداوەندێتیش لەم دەقەدا نەخراوەتە پێش ناوی نارام سین. پەیکەرەکەش کە تەنیا نیوەی ماوەتەوە بە وێنەی گلگامێش زانراوە[3]، کە ئەویش کاتی خۆی پادشایەکی کۆن بووو دوایی خرایە ڕیزی خوداوەندەکان یان نیمچە خوداوەندەکان.

سەبارەت بەهۆکانی ئەم ڕەفتارەش دیسان شتێك نییە لێی دڵنیا بین، هەندێك کەس هۆی ئەم ڕەفتارە دەگەڕێننەوە بۆ نەخۆشیی شێتی مەزنێتی (جنون العظمة).

ڕەنگە لەژیانی نارام سیندا شتێکی وەها هەبێت چونکە نارام سین لەو میلەی بۆ سەرکەوتنی بەسەر گەلی لولوبی **Lulubi** ی بەهێز (لەناوچەی سلێمانیو شارەزوور) تەرخانی کردبوو کڵاوێکی شاخداری کردۆتە سەر کە ئەم جۆرە کڵاوانە خوداوەندەکان دەیانکردە سەر.

پادشاش لەپەیکەری (باسطکی)دا باسی سەرکەوتنی خۆی بەسەر نۆ پادشا دەکات. بەم شێوەیەو بەهۆی ئەم سەرکەوتنانەوە دوور نییە نارام سین تووشی ئەو نەخۆشییە نەبووبێت و بۆیە خۆی کردۆتە خوداوەند.

---

[1] بۆ دەقەکە بڕوانە: صفیة سعادة، اوغاریت، مؤسسة فکر، بیروت، ١٩٨٢، ل ٣٩و٦٧.

[2] هەرچەندە وەرگێڕانی دەقەکە لەم بەشەیدا کێشەی تێدایە. بۆ ئەم وەرگێڕانە بڕوانە: د. فوزی رشـید، سومر ٣٢، ١٩٧٦، ل٤٩-٥٨. د. عبدالهادي الفؤادی لە بەشی ئینگلیزیی گۆڤارەکەدا ئەمەی وا وەرنەگێڕاوە.

[3] بە باوەڕی د. فەوزی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.

ڕایەکی تر دەڵێت ئەم ڕەفتارە پەیوەندیی هەیە بە سرووت(طَقس)ێك پێی دەوترێت زەواجی پیرۆز (الزواج المقدس) کە تیایدا خوداوەندێکی ئافرەت دەبێتە ژنی پادشا. لێکدانەوەیەکی تریش ئەوەی ئەم کارە هەوڵێکی پادشایان بوو بۆ بەخشینی یەکێتی بە وڵاتێك شتی زۆر دەبنە مایەی پەرتەوازەییو ناکۆکی تێیدا. بەبڕوای خۆشمان هەر کام لەم هۆیانە هۆیەکی لاوەکییە لەچاو ئەو حەزەی پادشا بە مەزنێتی. واتە یەکەم شت ئەو حەزەی پادشایە، پاشان هەر هۆیەکی تر کە هەبێت زیادە هاندەرێکە. بێگومان سەردەمەکەو بارودۆخی ناو کۆمەڵگە دەستنیشانی دەکات چەند بۆ پادشاکە دەلوێت خۆی بکاتە خوداوەند.ئەگەر حاڵەتی کوردستانی کۆن وەربگرین؛ بەپاڵ هەر یەك لەم هۆیانە هۆیەکی تر هەیە پەیوەندیی بە جیاوازیی ئاستی شارستانیی نێوان ئەم و وڵاتی دراوسێی.ڕەنگە فیرعەونەکانی کورستان بەر لەهەموو شتێك وەك لاساییکردنەوە ئم کارەیان کردبێت.


نەخشەکەی ئاننوبانینی — MSP, 4

## ئاننوبانینی

### پادشای لوللو

ئەمە پادشای ناوداری گەلی (لولوبی) یان (لوللو)وە. بڕواش ناکەم تا ئێستا کەس ئەمی بەو جۆرە پادشایانە زانیبێت بەڵام ئەگەر سەرنجی شێوەی نوسینی ناوەکە بدەین دەبینین دەکرێت ناوەکە بە ((خوداوەند نوبانینی)) بخوێنرێتەوە[1]، جا سەیرە ئەگەر پادشایەکی بەهێزی وا لە سەردەمێکدا ژیابێت پڕی بوو لە فیرعەون ، کە ڕەنگە هەندێکیان دەسەڵاتیان زۆر لەو کەمتر بوو، چۆن وەکو ئەو پادشایانە خۆی نەخستبووە ڕیزی خوداوەندەکان.

## کیساری، تیشاری، تیشاتال... (؟)

### پادشای کارخار

ئەمە پادشای کارخار Karhar (کاراخار، گانخار) بوو و ڕەنگە لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ژیابێت. شولگی، پادشا بە تواناکەی بنەماڵەی سێیەمی (ئور) –کە زانیمان خۆبەخوداوەندزانینی زیندووکردەوە– لە ناوەڕاستی ماوەی حوکمیدا دەستی کرد بە لەشکرکەشییەکانی کە بەشی هەرە گەورەیان ئاڕاستەی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی دووڕووبار کرابوون. لەشکرکەشیی یەکەمی ئەو زنجیرەیەش ئەوە بوو کە ئاڕاستەی کارخاری کردبوو (ساڵی ٢٤ـەم)[2] .

کارخار دوو لەشکرکەشیی تری ئاڕاستە کرابوو: ساڵی ٣١و ٣٢ی شولگی. دواتریش لە ساڵی ٤٥ ـەم کە ئەم جارەیان لەگەڵ سیمورروم Simurum و لولوبوم Lulubum و ئوربیلوم Urbilum بوو و وەك لە تۆماری ساڵەکەدا هاتووە " سەری ئەمانەی لە تاکە یەك لەشکرکەشیدا وردوخاش کرد"[3].

ئەمە یارمەتیمان دەدات لە دەستنیشانکردنی ئەو ناوچەیەی کارخار سەر بەو بوو. کارخار بەپێی ئەم لەشکرکەشییە لەسەر هێڵی سیمورروم–لولوبوم–ئوربیلوم بوو، کە ئەم هێڵە لە ڕووباری سیروان(دیالە)وە دەست پێ دەکات تا دەگاتە هەولێر (ئوربیلوم). کەواتە دەبێت کارخار یان لەسەر سیروان بێت (دەوروبەری کەلار؟) یان لە دەشتی کەرکووکدا. کاتێکیش شولگی یەکەم لەشکرکەشیی خۆی ئاڕاستەی کارخار دەکات ئەمە دەیسەلمێنێت کە کارخار نزیکترین شوێن بووە لە وڵاتی دووڕووبار.

---

[1] بۆ موناقەشەی تر بڕوانە کتێبی (مێژووی گەلی لوللو)مان، ل ٢٠.

[2] W.W.Hallo, Simurrum and the Hurrian Frontier, Ruvue Hittite et Asianique, 36, 1978., p. 74.

لیستی تری ساڵەکان لە شاری ئیسین ساڵێکی پێشتر تۆمار دەکەن کە وێرانکردنی شاری (دێر)ـە- باشووری ڕۆژهەڵاتی باقووبە لەسەر سنووری نێوان وڵاتی دووڕووبار و ئیلام- ساڵی ٢١ یان دواتر: Hallo, Simurrum, p.74n.32. ناونانی ساڵەکان بە ڕووداوێکی ساڵی پێشووتر کراوە، واتە بۆ نموونە کە وتراوە" ئەو ساڵەی کارخار وێران کرا" ، ئەم وێرانکردنە ساڵی پێشووتر ڕووی داوە. بەم جۆرە لە ساڵی سەرەوەدا ساڵی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە ساڵی (٢٣)ـەمی فەرمانڕەوایی شولگی بووە بەڵام ڕووداوەکە بۆ تۆمارکردنی ساڵی (٢٤)ـەمی بەکارهاتووە.

[3] بۆ سەرچاوەیەکی ئاسان و لەبەردەست بۆ تۆماری ساڵەکان بڕوانە ئەم پەڕەیەی ئینتەرنێت و پەڕەکانی پەیوەستکراوی:
http://cdli.ucla.edu/dl/yearnames/yearnames.htm

هەندێ شوێنەوارناس، وەکو بۆ نموونە (گوتزە)، کارخاریان بە خارخار Harhar ی سەرچاوە ئاشورییەکانی هەزاری یەکەمی پێش زایین زانیوە. گوتزە دەڵێت شوێنەکەی (بەهۆی ناوبردنی شوێنەکانی لەشکرکەشیی ساڵی ٤٥ ـەمی شولگی واتە لە باکوورەوە تا باشوور) لە حەوزی سیروان (دیالە)و ئەڵوەند بوو[١]. خارخاری سەردەمی نوێی ئاشوری بە شوێنێك لە بەشەکانی سەرووی ڕووباری سیروان دانراوە[٢].

هەرچەندە بۆی هەیە شولگی گەشتبێتە ئەو ناوچەیە، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی لاوازە لەبەر ئەوەی خارخاری سەردەمی ئاشووریی نوێ بەبڕوامان ((لەناوتر)) بوو، واتە لە بەشەکانی سەرووی ڕوباری سیرواندا بوو، مەگەر بڵێین خارخار زۆر لەمە نزیکترە لە وڵاتی دووڕوبار، بۆ نموونە دەوروبەری (کەلار). ڕاستە شولگی چووبووە ناوچەی دوورتر لە کوردستان، وەك شاشروم (شمشارە لە دەشتی ڕانیە) بەڵام ئەمە لە ساڵی (٤٢)ـەمی بوو واتە لە قۆناغێکی درەنگتری لەشکرکەشییەکانی.

تێبینی ئەوەش بکە کە ناوچەیەکی موحتەمەلی شوێنی کارخار نزیك شاری (کەلار)ی ئەمڕۆیە، گۆڕانی (ر) بۆ (ل) شتێکی ئاساییەو باقی گۆڕانکارییەکانیش دیسان ئاساین و ئەگەر ئەم دەستنیشانکردنە ڕاست بێت پێویستە گۆڕانەکە بەم جۆرە بووبێت: کارخار(کەرخار) > کەلخار > کەلار.

ناوی کارخار لە تۆماری ئەو ساڵەی تێیدا بۆ دووەم جار ((لەناوبرا)) بەشێوەی GÁN-har هاتووە، بەڵام لە لەوحێکی تر بۆ هەمان ساڵ ناوەکە بە شێوەی خاراخار Ha-ra-har نووسراوەتەوە ئەمەش وای کردووە ناوەکە بە کارخار Kár-har بخوێنرێتەوە[٣]. تورۆ-دانجان لەزووەوە ناوەکەی بە کارخار دەخوێندەوە[٤]. بەم شێوەیە ناوەکە ئێستا بە (کارخار) دەخوێنرێتەوە، هەرچەندە ئێمە ئەو تێبینییەمان هەیە کە خوێندنەوەی (کار) تەنها لە سەردەمی بابلیی نوێو ئاشوریی نوێدا هەبووە کە ئەمە هەزار ساڵ زیاتر لەسەردەمی پادشاکەی ئور نوێترە.

ناوی پادشاکەی کارخار لەسەر مۆرێکی لوولەکیدا هەیە کە بەم جۆرەیە:

" خواوەند کیساری $^{d}$Ki-sa-a-RI (؟) ،

پادشای کارخار،

مازیام ئیشتار خزمەتکاری تۆیە[٥] "

واتە کابرایەکی خاوەن ناوی ئەکەدی (مازیام ئیشتار) ئەم مۆرەی دروست کردووەو ناوی پادشاکەی خۆی لەسەر نووسیوە. زووتر ناوی پادشا بەم جۆرە خوێندرابووەوە:((خوداوەند کیساری)). بەڵام پسپۆڕان ڕێك نەکەوتوون لەسەر ئەوەی پادشا خۆی بە خوداوەند زانیوە یان نا و دیسان ڕێك نین لەبارەی شێوەی خوێندنەوەی ناوەکەیەوە.

(گێلب) پێشتر ، بەپشت بەستن بە (یاکۆبسن)ـەوە، دەیوت کاری خۆ بەخوداوەندزانین لای پادشاکانی دەرەوەی عیراق ئەکید نییە[٦] بۆیە ناوی پادشا بە جۆرێکی تری لێ دێت، واتە هێمای خوداوەندێتی دەبێتە بەهای فۆنەتیکیی ئان an بەڵام دواتر قەناعەتی بۆ دروستبووە لەبارەی بەخوداوەندزانینی پادشایان لەدەرەوەی وڵاتی بابل و نموونەی ئێشنوننا و دێرو مالگیئوم و

---

[1]A.Goetze, Hulibar of Duddul, in;JNES, 12, 1953, p.119.

[٢]نموونە لەسەر ئەو ڕایە: Suleimania, S.63 .

[3]HS, p.57n.72.

گێلب دەڵێت ڕەنگە kára-har بێت یان تەنانەت -har $hara_x$ واتە $hara_x$ خوێندنەوەیەکی تری هێمای GÁN (هێمای ژمارە دووی GAN) بێت: HS, p.57n.72 . لەبەرئەوەش کە ئەم خوێندنەوەیە گریمانەییە گێلب ژمارەی x ی بۆ داناوە. لێرەشدا خوێندنەوەی (کارا)مان پشتگوێ خستووەو خوێندنەوەی (کار)مان وەرگرتووە واتە ناوەکەمان بە (کاراخار) نەخوێندۆتەوە، وەك چۆن لە زۆر سەرچاوەدا هەیە، بەڵکو (کارخار)مان پەسەند کردووە.

[٤]بڕوانە بۆ ئەمە : Goetze, Hulibar of Duddul, p.118n.34. (گوتزە) ئەمەی لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: F.Th.-Dangin, OLZ, 1898, S.167.

[5]RISA, p.169.

یان ((خزمەتکاری ئەوە)) ئەگەر نووسینەکە بە ئەکەدی بخوێنرێتەوە: IRSA, p.169, n.b .

[6]HS, p.57n.66.

تەنانەت ئێلامیشی باسکردووە[١]. دوو پادشاکەی سیموررومیش، کە دواتر باسیان دەکەین، نموونەی ترن و کاتی هەردوو نووسینەکەی (گێڵب) هێشتا نەناسرابوون.

بەشێکی تری ناوەکە توخمێکی هەیە کە ئەویش تا ماوەیەك جێگەی ناکۆکی بوو. توخمەکە دوو هێمای ئا–ری **a-RI** یە. (گێڵب) دەڵێت ئەگەر ناوی پادشاکە خورری بێت باشتر وایە **a-RI** بە **a-tal** بخوێنینەوە[٢]. (ئا–تال)یش (کە لە "نوزی"[٣]دا هەبووە) بە توخمێکی"خورریی باش" دەزانێت[٤]. بەم شێوەیە سەرەتا کیساری لای گێڵب دەبێتە ئانکیساتال[٥] بەڵام دواتر خوێندنەوەی (دی) لەجیاتی (کی) پەسەند دەکات[٦] و دەڵێت ئەم خوێندنەوەیە لەسەردەمی ئور ٣ دا بینراوە ئەویش بەپاڵ یەك (استثناء) لەسەردەمی سارگۆنیدا[٧]. بەم جۆرە ناوەکە لای ئەو بەم جۆرەی لێ دێت: (خوداوەند) دیساتال و کە دەیکاتە تیشاتال.

(نوگایرۆل) ناوی پادشاکەی کارخار بە تیشاری (ناوی پادشاکەی "ئورکیش"یش هەر وا دەخوێنێتەوە)و بۆ ناوی پادشای ئورکیش دەڵێت خوێندنەوەی **RI** بە **tal** لەسەردەمی ئەکەدیدا ئەکید نییەو بۆ ناوی پادشای کارخار دەڵێت نیشانکەرەوەی خوداوەندێتی هی بڕگەی (تیش)ـە کە لای ئەو ناوی خوداوەندێکەو ئاماژە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ناوەی خوداوەند سین و خوداوەند تیس **Tiš**(بۆ دەنگی **š** بڕوانە باسی ئورکیش ) لە ژمارەیەك ناوی کەسان لە (نوزی) دا، ناوەکەش بەم جۆرە لای ئەو دەبێتە **$^{d}$Ti$_{4}$(!)-ša$_{10}$-a-ri**[٨].

(گوتزە)ش (کی) بە (دی) دانابوو و ناوەکەی بە ئاندیساتال **AN. DI-sa-a-tal** خوێندبووەوە[٩].

بەهەرحاڵ زۆرتر ڕێی تێ دەچێت بڕگەی یەکەم بەهێمای خوداوەندێتی دابنرێت، چونکە لەو سەردەمەدا کاری خۆبەخوداوەند زانین بڵاوبوو. سەبارەت بە خوێندنەوەی (ئا– ری) بە (ئا– تال)؛ گێڵب خۆی کە ئەمەی وتووە سنووری بۆ ئەم خوێندنەوەیە داناوەو هەندێك کەس خراپ لەمە گەشتوون. گێڵب وتبووی تەنها سێ ناوی خورری دڵنیایی تەواو لەبارەیانەوە هەیە کە (ری) تیایاندا بە (تال) دەخوێنرێتەوە[١٠].

---

[1]Gelb, New Light.., p.381n.2.

[2]HS, p.57n.66.

بەڵام گێڵب هێشتا لەوە دڵنیا نییە کە ڕەگی **Ankiš** خورری بێت و لە ناوە خوررییەکانی نوزی تەنها ئانکیا **an-ki-ia** ی بینیوە ئەویش ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە ڕاست بێت و بە ئیلی ئیتتیا **ili-itti-ia** نەخوێنرێتەوە: **HS, p.57+n.67**. سۆلبێرجێ و کوپێ دەستگرتن بە **-ankiš**ەوە بە ئیشێکی بەحەزەرتر دەزانن: **IRSA, p.169**. ئەم دوانە ناوی شوێنەکە بە کاراخار دەخوێننەوە.

[٣] نوزی: شارێکی هەزاری دووەمی پێش زاینەو ژمارەیەکی زۆری دەقی ئەکەدیی تێدا دۆزرابووەو لەوانەوە دەرکەوتبوو شارەکە ئەو کاتە خوررینشین بوو. پێشتریش لە سەردەمی ئەکەدیدا شارەکە ناوی (گاسور) بوو و شارێکی خورری نەبوو. شوێنەواری ئێستای نوزی پێی دەوترێت (یۆرغان تەپە) نزیکەی ١٥ کیلۆمەتر ڕۆژهەڵاتی باشووری کەرکووك. بەهۆی ناوە خوررییەکانی ناو دەقەکانی نوزی جیاکردنەوەو ناسینی ناوە خوررییەکان بووە کارێکی ئاسان.

[4]HS, p.55.

[5]HS, p.57.

[٦] گێڵب ( **New Light, p.381,n.2**) ئاماژە بۆ لاپەڕە ١١ ی بابەتەکەی پارۆ و نوگایرۆل دەکات(بڕوانە بابەتی ئورکێش لەم کتێبەدا) کە ئەم خوێندنەوەیە پێشنیار کراوە (بڕوانە سەرەوە). خوێندنەوەی دی، دێ، گی، گێ هی هەموو سەردەمەکانە(بە ئەکەدیی کۆنەوە) جگە لە ئاشوریی کۆن، خوێندنەوەی (تی)ش هی سەردەمی ئەکەدیی کۆنە، بڕوانە هێمای ژمارە ٤٥٧ لە **Labat** .

[7]Gelb, new Light…, p.381n.2.

گێڵب ئاماژە بۆ **Materials for the Assyrian Dictionary(MAD), II, 143** دەکات.

[8]A.Parrot et J. Nougayrol, RA, 42, 1948, p.11.

[9]JNES, 12, p.119n.37.

[10]HS, p.115n.88.

ئەوانیش **Puttim-atal, Hašip-atal, Kiklip-atal** بەڵام بڕوانە خوارتر بۆ پوتتیم ئاتال.

# ئیدی سینو زابازونا

## دوو پادشای سیمورروم

ئەم دوو پادشایە کوڕو باوکن و پادشای شاری سیمورروم (یان سیمورروم، شیمورروم)[1] بوون. گرنگێتیی ئەم شارە لەوەدا دەردەکەوێت کە شولگی، پادشای بنەماڵەی سێیەمی ئور لە میانەی شەڕەکانی دژی سیمورروم نازناوی ((پادشای چوار لاکانی جیهان))ی لەخۆی نا کە کاتی خۆی نازناوی پادشایانی ئەکەد بوو[2].

شوێنەکەی سیمورروم تا ئێستا نەزانراوە. بۆچوونی کۆنتر ئەوەیە لە دەوروبەری ئاڵتون کۆپری (پردێ) بووە، دواتریش ئەو بۆچوونە خرایە ڕوو کە وڵاتەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو بەشەی زنجیرەی حەمرینی نێوان دوو ڕووباری عزێم و سیرواندایە(ڤایدنەر)[3]. (گوتزە) لەلایەن خۆیەوە ئەم بۆچوونە بە بچووککردنی ئەهمیەتی سیمورورومی دەزانێت و دەڵێت بەتەئکید لە باشووری زێی بچووکدایە بەڵام تا بکرێت نزیکتر لەو ڕووبارە بزانرێت[4].

لە نووسینی پادشای گوتی ئێرریدوپیزیر (ڕەنگە کۆتایی سەدەی ٢٣ یان سەرەتای سەدەی ٢٢) دراوسێتیی سیمورروم و لولوبوم، کە لە تۆماری ساڵی شولگییەوە دەیزانین، تەئکید دەبێتەوە (بڕوانە خوارتر بۆ نووسینەکە ئێرریدوپیزیر). لەو نووسینەدا، یان ڕاستتر لە نوسخەیەکی ئەو نووسینە، ناوی کیوی نیشبا **Nišba** هاتووە. دیارە کێوەکە سەر بە وڵاتی لولوبوم بووە چونکە پاش ١٣ سەدە ناوی کێوی نیشپی (نیشبی، نیسپی) لە وڵاتی لوللو دەبیستین (لەلایەن ئاشورناصیرپالی دووەمەوە لە لەشکرکەشییەکانی ٨٨١و ٨٨٠ی پێش زاین لە ناوچەی سلێمانی و شارەزوورو دەوروبەریان) کە زۆر لەوە دەچێت زنجیرەی هەورامانە(بڕوانە هەروەها بابەتی"پادشا گوتییەکان" لەم کتێبەدا).

ئینجا ئەگەر کێوی نیشبای نووسینەکەی پادشا گوتییەکە سەر بە سیمورروم بووبێت و ئەگەر ڕاست بێت کێوی هەورامانە ئەو کاتە وڵاتەکە یان لە دەشتی شارەزووردابووەو یان لە هەورامان و لەوانەشە لە هەردووکیان، واتە ئەوەی دواتر بووە وڵاتی لوللو پێشتر سیمورروم بووە. بەڵام ئەم ئەنجامە هێندە گرنگە پێویست دەکات بەڵگەی زیاتری بۆ بدۆزرێتەوەو بە حەزەرەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لەو داستانەی نارام سینیش کە لە خوارەوەدا باسی دەکەین ناوی ناوچە یاخیبووەکان بە سیمورروم دەست پێدەکات و یەکسەر دوای ئەوە ناوی ئینگی، پادشای نامار **Namar** دێت. دیارە نامار (نامری)ی سەردەمی ئاشوریی نوێیەو کەوتبووە ناوچەی (خانەقین) یان ڕۆژهەڵاتتر (کێسلەر-١٩٩٨)[5] - *بۆ زیاتر لەبارەی نامارەوە بڕوانە بابەتی ئورکیش.*

نوێترین دەستنیشانکردنی سیمووروم ئەوەی (فراین)ـە (١٩٩٧) کە جەرگەی وڵاتەکەی خستۆتە ناوچەی دەربەندیخان و (ئایدم-٢٠٠١) دەڵێت پێدەچێت تەواو ڕێی تێ بچێت[6]. زۆر شیاویشە بۆ ئەمە ئەگەر ناوی سیمورروم (شیمورروم، شیمورری) بەراورد بکەین لەگەڵ ناوی ناوچەو هۆزی (شەمێران). ڕەنگە بەم جۆرە دۆڵی قەرەداغیش هەر سەر بە سیمورروم بووبێت.

---

[1] نیازمە لەداهاتوودا، پشت بەخودا، دوورودرێژتر باسی سیمورروم بکەم ئەویش لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا، ئەگەر کرا لە کتێبێکی سەربەخۆدا.

[2] بەبۆچوونی (هالۆ) ئەمە لەسەرەتای لەشکرکەشییەکان بوو واتا پاش یەکەم لەشکرکەشی کە دژی کارخار بوو پاشان یەکەم و دووەم لەشکرکەشی دژی سیمورروم ئینجا لەشکرکەشی دژی خارشی کە ناوی یەکەم جەنگی خورریی شولگی لەم شەڕانە دەنێت: **W.W.Hallo, Simurrum.., p.74** . ئەمە لەکاتێکدا (گوتزە) دەڵێت هەڵگرتنی ئەم نازناوە پاش دوایەمین جاری وێرانکردنی (یان بەزاندنی) سیمورروم بوو:**JNES, 12, p.123.** ، بەڵام هالۆ ئەمە بە ڕاست نازانێت.

[3] **Ernst Weidner, Simurrum und Zaban, in; Afo, 15, 1945-1951, S.75-80.**

وەرگێڕانی ئەم بابەتەی (ڤایدنەر)یش لەم کتێبەدا هەیە(بابەتی : سیمورروم وزابان).

[4] **JNES, 12, p.123.**

[5] **ShA 1 ,p.24.**

[6] **ShA 1, p.24.**

(فراین) پێشتر(١٩٩٠) دەیوت سیمورروم زۆر لە کێوی حەمرین دوور نییە: **RIME 4, 1990, p.707.**



نەخشێکی بێتواتە مۆزەخانەی عیبری(بەدەست لەسەر وێنەکە کردوومانە)

لەلایەکی ترەوە شتێکی شایستەی سەرنجە کە دەقە دوورودرێژەکەی ئیدی سین، واتە ئەو دەقەی بە "بەردەکەی غەریب هەڵەدنی" ناسراوە، لە ژێر زەویدا لە گوندی (قەرەچەتان) لەسەر ڕێگای سلێمانی-سورداشدا دۆزرابووەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە: پەیوەندیی ئەمە بە شوێنەکەی سیموررومەوە چییە؟ ئایا سیموررروم لەوێوە نزیك بوو یان مەسەلەکە ئەوەیە بەردەکە وەك یادگاری لەوێدا دانرابوو؟ ئەگەر دووەمیان بێت ئەو کاتە یان شارێکی گرنگ لەوێدا هەبووە یان ناوچەکە خۆی گرنگ بووە ئەویش بەحوکمی هەبوونی کێوی پیرەمەگروون لەوێدا کە دوور نییە کێوێکی پیرۆز بووبێت بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە کێوەکە پاش زیاد لە هەزار ساڵ، وردتریش ساڵی (٨٨١پ.ز) لەلایەن پادشای ئاشوری، ئاشورناصیرپالی دووەمەوە، وا باسکراوە کە ناوەکەی لای لوللوییەکان کینیپا Kinipa یە بەڵام خۆی ناوی دەنێت نیصیر[1] (ڕزگاربوون)، نیصیریش ئەو کێوەی داستانی گلگامێش بوو کە کەشتییەکەی نووحی وڵاتی دووڕووبار لەسەریدا نیشتبوو.

کۆنترین مێژوو بتوانین ناوبردنی سیموررومی بۆ بگەڕێنینەوە دەقێکە ناوەکە تێیدا بەشێوەی سیمورو(سیمور؟) Si-mu-ru(ur$_4$?)$^{ki}$ هاتووەو ئەوەی تێدا هەیە گوایە فەرمانڕەوای ئەفسانەیی ئائێنێپادا Aenepada ی ئور (هەزاری سێیەم) گرتبووی بەڵام نەیتوانیبوو بیخنکێنێت(؟)[2]. دەقێکی تر هەیە کە بەوتەی (هالۆ) زیاتر جێگەی باوەڕپێکردنە بریتییە لەنامەیەکی سەردەمی ئەکەدیی کۆن لە (گاسور) کە ناوی سیموررومی تێدا هاتووە Si-mu-ur$_4$-rí-ù$^{KI}$[3].

هەر لەسەردەمی ئەکەدی یەکێك لە تۆمارە کەمەکانی ساڵەکانی سارگۆنی ئەکەد "چوونی بۆ سیمورروم" Si-mur-um$^{KI}$ ی تێدایە هەرچەندە دیار نییە ئەم چوونەی بۆ چ مەبەستێك بووە[4].

تۆمارێکی ساڵێکی نارام سینیش هەیە دەڵێت" ئەو ساڵەی (خوداوەند) نارام سین بۆ شەڕ دژی سیمورروم Si-mu-ur$_4$-rí-im$^{KI}$ چوو[5].

تۆمارێکی تر کە لەدوو دەقی توتوب(خەفاجی)دا، باشووری باقووبە لەسەر (دیالە)، هەیە باسی بەزاندنی سیمورروم دەکات لەلایەن (خوداوەند) نارام سینەوە ئەویش لەشوێنێکدا بەناوی کیراشێنیوێ Ki-ra-šè-ni-we و گرتنی فەرمانڕەوای سیمورروم کەناوی "بابا"بوو Ba-ba ENSÍ Si-mu-ur$_4$-ri-im$^{KI}$ بوو[6]. پادشای ئەکەد جگە لە بابا فەرمانڕەوای شوێنێکی تر؛ ئارامێ A-ra-me دەگرێت کە ناوەکەی بە گومانەوە بە دوبول DUB(?).UL(?) خوێنراوەتەوە[7].

دەستنووسی داستانێکی سەردەمی بابلیی کۆنیش (سەردەمی دوای بنەماڵەی سێیەمی ئور) هەیە باسی ڕووداوی کاتی نارام سین دەکات ( کە سەدان ساڵ پێش ئەوە مردبوو) کە تێیدا گوایە چوار لاکانی جیهان دژی نارام سین ڕاپەڕیبوون و لە ناوە

[1]ARAB, 1, S448.

[2]Hallo, Simurrum.., p.73+p.80.

[3]Ibid, p.73+p.80.

[4]Ibid, p.73.

[5]Ibid, p.80.

[6]Ibid, p.73+80.

ئەمە خوێندنەوەی نوێی ناوەکەیە. (هالۆ) زووتر خوێندنەوەکەی بە موعەللەقی هێشتبووەوە واتە: KI.RA.ŠE.NI.PI.

[7]P.Steinkeller, The Historical Background of Urkesh and the Beginnings in Northern Mesopotamia, BM 26, p.93.



نەخشی خوداوەندێکی ئافرەت -مۆزەخانەی عیبری(بەدەست لەسەر وێنەکە کردوومانە)

یەکەمەکانی لیستی پادشاو وڵاتە ڕاپەڕیوەکان ناوی پادشای شیموررووم هاتووە ئەویش پوتتیم ئادال Pu-ut-ti-im-ad-al[1] کە گێڵب بە پوتتیم-ئاتال ی داناوەو بە خورریی زانیوە[2].

شیموررووم یەکەم ناوی لەلیستی ئەو وڵاتانە هەیە کە لەگەڵ ئیپخور-کیش ی شاری کیش کۆببونەوەو بە وتەی (هاڵۆ) ئاماژە هەیە بۆ هەندێك لە یاخیبووەکان (ئیپخور-کیش و لوگال ئاننا ی ئوروك – ناوی ئەمیش هەر لە داستانەکەدا هەیە ) لە دەقی ئەدەبی کە تا ڕادەیەك کۆنترەو بەم جۆرە دەکرێت ئەفسانەکەی نارام سین زانیاریی مێژوویی ڕاستەقینەی تێدا هەبێت[3].

نەبوونی نیشانکەرەوەی وڵات KI پاش ناوی سیموررووم لەم داستانەدا، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت لێرەدا ناوی خەڵکەکەیە نەك ناوی شوێن[4] ناوی سیموررووم لێرەدا بە شێوەی شیموررووم Šimurrum هاتووە (ئەویش بە شێوەی ئیزافە: Šimurrim)و کە وڵاتەکە بەم شێوەیە لە سەردەمی بابلیی کۆندا ناسرابوو.

سیموررووم نەك تەنها لە سەردەمی ئەکەدی بەڵکو لە سەردەمانی دواتریش، واتە سەردەمی گوتی و پاش ئەو سەردەمی ئور ٣ و ئینجا سەردەمی بابلیی کۆن وڵاتێکی چالاك بوو و یەکێك بوو لە کێشەکانی دەوڵەتانی وڵاتی دووڕووبار.

سیموررووم لە نووسینی پادشای گوتی ؛ ئێرریدوپیزیر هەیە کە دوور نییە یەکەم پادشای زنجیرەی پادشایانی گوتی بووبێت کە پاش دەوڵەتی ئەکەد حوکمی وڵاتی دووڕووباریان کردبوو. نووسینەکەی پادشای گوتی باسی پادشایەکی سیموررووم دەکات بە ناوی کا-نیشبا KA-nišba[5] و دەڵێت ئەم پادشایە دوژمنایەتیی دەستپێکردو وای کرد وڵاتە شاخاوییەکان یاخی بن و جگە لە وڵاتی لولوبوم ناوی وڵاتی تر هاتوون بەڵام کوژاونەتەوە. لە نوسخەیەکی تریشدا ناوی سوپاسالارێك هاتووە کە دیارە سەر بە کا-نیشبا بووەو ناوی (بەگومانەوە) ئامنیلی بووە[6]. پادشای گوتی باسی پێشڕەویکردنی بەرەو لوتکەکانی کێوی نیشبا دەکات.

شولگی لە تۆماری ساڵی (٢٥)ەمدا بۆ یەکەم جار باسی لەشکرکەشی دژی سیموررووم دەکات و ئەمە دووەم لەشکرکەشییەتی (کارخار ساڵێك پێش ئەوە یەکەم لەشکرکەشیی بۆ تەرخان کرابوو). لەشکرکەشیی دووەم دژی سیموررووم ساڵەکەی دواتر بوو و پاش ماوەیەك قۆناغێکی تری شەڕەکان دەست پێدەکات کە (هاڵۆ) بە جەنگی خورریی دووەم ناوی دەبات و تیایدا ساڵی (٣٢) بە ناوونیشانی وێرانکردنی سیموررووم بۆ سێیەم جار تۆمارکراوە.

---

[1] A.Grayson et E. Sollberger, L'insurrrection générale contre Narām-Suen; RA, 70, 1976, p.120.

[2] HS, p.55.

بەڵام بڕوانە نوێتر (ئایدم) کە ناوەکەی بەم جۆرە داناوە: پوتتی-ماتال: ShA 1, p.25n.34 . ناوەکەش زووتر هەروا دانرابوو.

[3] Hallo, Simurrum..,p.73.

لە نوسخەی (لەندەن)ی داستانەکە زۆرتر باسی پادشای گوتوم(گوتیوم) گولا-ئان Gula-AN ی کردووە بۆیە ناوی "گولا-ئان و حەڤدە پادشاکە"ی لێ نراوە. لەو بەشەش کە لەو نوسخەیە ماوە ناوی پادشای گوتیوم یەکەم ناوە، بڕوانە:

Grayson et Sollberger, L'insurrrection générale contre Narām-Suen, p.120f.

[4] Ibid, p.124.

[5] "کا" بە سومەری واتە دەرگا، دەم...، دیاریش نییە چۆن دەخوێنرێتەوە: ئایا بەو واتایەو بە هەمان دەنگ (واتە: کا-نیشبا= دەرگا یان دەمی.. خوداوەند نیشبا) یان بەو واتایەو بە زمانی ناوچەیی یان تەنها هێمای فۆنەتێکی هەیە (=کا، ) کە ئەمە زەحمەتە چونکە نیشبا ناوی خوداوەندێکی ناوچەییە (ئیدی سین و ئاننوبانینی بەکاریان هێناوە) هەروەها وەك لە دەقەکەدا دەرکەوتووە ناوی کێوێکە (هەورامان؟ بڕوانە دواتر) بۆیە دەبێت "کا" لێرەدا وشەیەکی واتادار بێت نەك تەنها دوو دەنگی "کا" بێت.

[6] RIME,2, p.221ff.

لەم قۆناغەیانداو لە دەقی تردا ناوی تاببا(ن)داراخ، پیاوی (=فەرمانڕەوای) سیموررووم **lú Si-mu-ur-ru-um** دێت کە شولگی گرتبووی. تاببان داراخ یاخود تاپپان داراخ لە ساڵەکانی ٣٣و ٣٤و ٣٦و ٣٨ ی شولگی ناوبراوە (ڕاستتر ئەوەی ساڵی ٣٦و ٣٨ ژنەکەی باسکراوە)، هەروەها ساڵەکانی ١و٢و٨ی شو-سین[1].

جگە لەمانەش ناوەکەی بەلای کەمەوە لە سێ دەقی فاڵدا هەیە[2] کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکەی دواتر، واتە بابلیی کۆن.

ناوی ئەم پادشایەی سیموررووم بە چەند شێوەیەك نووسراوەتەوە: **Da-ba-da-ra-ah** و **TAB.BA-da-ra-ah** ، هەردووکیان لە (درێهم)[3] هەروەها چەند جارێك **MAN-ba-da-ra-ah** بەڵام هێمای (مان) لەمەیاندا بە شێوازێکی تری هێمای (تاب) زانراوە[4].

ئەو دەقی فاڵانەش کە ناوی تاببان داراخ دەبەن بە سیموررومەوە پەیوەستی ناکەن بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هەمان کەسی سیموررومە چونکە جگە لەوەی دوو ناوەکە لەیەك دەچن فاڵەکان دەڵێن: "فاڵی شولگی کە تاپپان داراخی گرت". ناوی تاپپان داراخ لە فاڵێکیاندا بەم شێوەیەیە: **TAB.BA-an-da-ra-ah** ، شێوەیەکی تریش: **TAB.BA**$^{pa}$**-da-ra-ah** ، لە دانەیەکی تریش: **A-pa-da-ra-ah** . لەمەی دوایی باسی کوشتنی کراوە[5] بەڵام لێکدانەوەی ئەو وشەیەی لە دەقەکەدا هاتووە بە ڕاست نەزانراوە ئەویش چونکە ئەو هێشتا زیندووە لە کاتی پادشاکەی دوای شولگی (شو-سین: ساڵی ٢ و ٨)[6].

دەقێك هەیە تازە بڵاوکراوەتەوەو دەکرێت بە هی سەردەمی نوێی ئاشوری بزانرێت. دەقەکە، کە سێ پارچەیەو خراپ شکاون، باسی سیموررومی تێدایە ئەویش بەشێوەی شیمورری **Ši-mu-ur-ri** و ناوی کابرای تێدا هاتووە بەڵام تەنها ئەم بڕگانە ماون **TAB.BA-*an*-** و (بیگز) دەقەکە بەو دەقەی بە " پێشبینییەکەی شولگی" ناسراوە دەزانێت[7]. لەو سەردەمەداو تەنانەت لە سەردەمی پێشووتریش ناوی سیموررووم لە هیچ دەقێکدا وەکو شوێنێکی زیندوو نەهاتووە. ئەو جۆرە دەقانەش زۆر بوون کە هی سەردەمەکانی پێشووترن و نوسخەی نوێتریان لێکراوە.

ناوی تاپپان داراخ دیار نییە سەر بە چ ڕەگەزێکە. (زادۆك) ناوەکە بە خووری نازانێت و بڕگەی یەکەم گەڕاندۆتەوە بۆ ناوی ڕووبار: طابان یان طاببان **Ṭab(b)an** لە کاتێکدا (ئەستور) وای لێ دەکات: **Tab-ba** $^{d}$**Darah** و لەم خویندنەوەیەدا پشتی بە **tab-ba** ی سومەری (**tappû** بە ئەکەدی) واتە"یاوەر" بەستووەو بەم جۆرە ناوەکە لای ئەو دبێتە "یاوەری خوداوەند داراخ"، هەرچەندە خوداوەندێك نییە بە ناوی داراخ[8].

پاش حەوت ساڵ پشوو تەنها یەك لەشکرکەشی هەبوو هەروەها شوورایەکی تێدا دروست کرد (ساڵەکانی ٣٧-٣٨) ئەویش شوورای وڵات **ma-da** ، مەبەست ئەو وڵاتانەی نەلکێنرابوون بە دەوڵەتەکەوەو کە لەوانەیە، بەپێی (هالۆ)، بۆ داخستنی سنوور بەرامبەر سیموررووم لە دیجلەوە بۆ کێوی حەمرین بووە[9]، پاشان حەوت ساڵ شەڕ هاتن کە ئەم جارە قووڵتر چوونە ناو وڵاتەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و یەکەم شوێن لەم قۆناغە پەلامار درا شاشروم بوو (ساڵی ٤٢).

ئینجا تۆماری ساڵی (٤٤) دێت کە "لولوبوم **Lulubum** و سیموروم **Simurum** بۆ نۆیەمین جار وێرانکران". یەکێکیش لە تۆمارەکانیش هی ساڵی (٤٥)ـەو ئەم ناوونیشانەی هەیە: "ئەو ساڵەی سەری ئوربیلوم **Ur-bí-lum**$^{ki}$ (ئاربیلوم **Ar-bí-lum**$^{ki}$)و سیموروم و لولوبوم و کارخاری لە یەك لەشکرکەشیدا وردوخاش کرد (بڕوانە باسی کارخار لە سەرەوەدا). ئەگەر ئەم

---

[1] Robert D. Biggs, Šulgi in Simurrum, in; Crossing Boundaries and Linking Horizons, Studies in Honour of M.Astour, 1997, p.173.
بە دووردرێژیش لە لاپەڕەکانی پێشتر.

[2] Hallo, Simurrum.., p.74.

[3] Biggs, Šulgi in Simurrum, p.171n.16.
درێهم: شوێنەواری ئێستای شاری کۆنی (پوزریش-داگان)ـە کە کاتی شولگی دروستکراوەو دەقی زۆری تێدا دۆزرابووەوە.

[4] Biggs, Šulgi in Simurrum, p.171.

[5] Ibid, p.169f.

[6] Ibid, p.170n.5.

[7] Ibid, p.170.

[8] Ibid, p.172.

[9] Hallo, Simurrum.., p.77.

تۆمارە ڕاست بێت نەك ئەو تۆمارەی تر کە ژمارەی ٤٥ی هەیە بەڵام ناوونیشانەکەی ئەمەیە" سیموروم و لولوبوم بۆ نۆیەمین جار وێران کران" ئەو کاتە لەشکرکەشییەکان دژی سیمورروم بە ژمارە ده دانە بوون.

لەو ژمارە زۆرانەی " وێرانکردنی سیموروم" تەنها ساڵەکانی سەرەوەمان هەیەو ساڵەکانی تری لەشکرکەشییەکانی تر (چوارەم تا هەشتەم) نازانرێن.

ئەم هەموو لەشکرکەشییانە دژی سیمورروم و ناوچەکانی تری باشووری کوردستان نیشانەن لەسەر ئەوەی ئەو بەرەیە مایەی ناڕەحەتییەکی زۆر بوو بۆ ئەو پادشایەی سەردەمی نوێی سومەری‌و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی شولگی نەیتوانیبوو دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا سەقامگیر بکات. دروستکردنی "شووراى وڵاتەکان" بەڵگەیەکی بەهێزی ترمان دەداتێ.

ئەو باوەڕەش هەیە کە شولگی پاش لەشکرکەشییەکانی دژی سیمورروم نازناوی "پادشای چوار لاکانی جیهان"ی لەخۆی نا[1]، بەڵام لەکاتێکدا (گوتزە) ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوایەمین "وێرانکردنی" سیمورروم لەلایەن شولگییەوە (هالۆ) لە دوای قۆناغی یەکەمی شەڕەکانی داناوە کە ناوی ناوە "جەنگی خورریی یەکەم" و کە لە ساڵی ٢٤ تا ٢٧ ی شولگی درێژەی کێشا (٢٤ دژی کارخار، ٢٥و٢٦دژی سیمورروم، ٢٧ دژی خارشی)و بۆچوونەکەی (گوتزە) پەسەند ناکات[2].


بەردێکی نووسراوـــ مۆزەخانەی عیبری

پاش شولگی ناوی کیریب-ئولمێ **Ki-rí-bu-ul-me** "پیاوی" سیمورروم **Si-mu-ru-um**[ki] لە چەند دەقێکدا هاتووە[3]. کیریب-ئولمێ یاخود کیریپ-ئولمێ **Kirirp-ulme** ، کە ئەمە ناوێکی خوررییە، لە سێ دەقی (درێهم)دا بینراوە (دوانیان کاتی شو-سین (٢٠٣٧-٢٠٢٩پ.ز)، ئەویش ساڵی یەکەمی و ئەوەی تر ئامار-سین(٢٠٤٦-٢٠٣٨پ.ز)؛ ساڵی ٩) ئەمەش بەپاڵ دەقی تری ئامار-سین، ساڵی ٨و ٩و شو-سین ٢. بەپێی (بیگز) ڕەنگە پاش تاپپان داراخ پادشای سیمورروم بووبێت بەڵام هەر خۆی دەڵێت پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت کە هەردوو کابراکە پێکەوە لە دەقێکی ساڵی ١ی شو-سین دەردەکەون و تاپپان داراخ تاکو ساڵی ٨ی شو-سین ناوی هەیە[4]. جگە لەمانەش دەقێك هەیە ساڵی بەسەرەوە نییە باسی ژنی کیریپ-ئولمێ **Ki(!)-ri-ip-ul-me** دەکات[5]. جگە لە خۆشی باسی ژنەکەی و کوڕەکەی و کچەکەی لە دەقی جیاجیادا باسکراون.

ناوی سیمورروم لەوە بەدوا تۆماری ساڵەکاندا دیار نامێنێت تا دەگاتە کاتی دوایەمین پادشای بنەماڵەکەی ئور؛ ئیببی سین کە ساڵی سێیەمی بە ناوی سیمورروومەوە ناونراوە. ئەمەش وای دەگەیەنێت کە ئەگەر پادشاکەی ئور شەڕ دژی سیمورروومی نزیك کردبێت کەواتە ناوچە دوورترەکان لە ژێر دەسەڵاتی دەرچووبوون[6].

پاش هەرەسی حوکمی بنەماڵەکەی ئور و لە ساڵی (س+١٩)[7] یەمی ئیشبی ئێررا (کە پێشتر لە حوکمی ئور سەربەخۆبوو و ئەو بنەماڵەیەی لە شاری ئیسیندا دامەزراند) نووسینێك باسی دیارییەکی دیپلۆماسی لە ئیسین بۆ پادشای سیمورروم و لەهەمان نووسیندا باڵیۆزێکی سیمورروم دەردەکەوێت[8].

هەر لەو سەردەمەدا کەسێك بەناوی ئیددیـ(ن)-سینەوە لە نامەیەکی ئێشنوننا هەیە کە لەوانەیە بۆ نوور-ئاخومی ئێشنوننا نێردرابووو ڕەنگە پادشای سیمورروم بێت[9]، کابرایەکیش بە ناوی زابازیننوم **Za-ba-zi-in-núm** لە نامەیەکی ئێشنوننا

---

[1] Biggs, Šulgi in Simurrum, p.175.

[2] Hallo, Simurrum.., p.74n35.

[3] JNES, 12, p.120, HS, p.114.

[4] Biggs, Šulgi in Simurrum, p.173.

[5] Ibid, p.173n.32.

[6] Hallo, Simurrum.., p.79.

[7] س+١٩ واته ١٩ ساڵ و چەند ساڵێکی نادیار (واته: ٢٠؟ ... ٢١؟ ... ٢٢؟ ... تاد)

[8] RIME, 4, p.707.

[9] RIME, 4, p.707.

دۆزراوەتەوەو کە ئەو نامەیە بۆ بیلالاما نێردرابوو[١]. بەپێی (فراین) ئەگەر ئەمە زابازونای سیموررۆم بێت ئەو کاتە ئەمیان هاوچەرخی بیلالامای ئێشنوننا بووەو بۆیە دەبێت ئیددیـ(ن)-سین و زابازونای کوڕی هاوچەرخی حوکمی ئیشبی ئیرا(٢٠١٧-١٩٨٥ پ.ز) بووبن[٢].

دوای ئەوەو لە سەردەمی بابلیی کۆن ناوی سیموروم هەر دەبیسترێت. وەکو لە نووسینەکانیش دیارە سیموررۆم لەو سەردەمەدا چالاك بوو و دەوری لە ململانەی نێوان هێزە گەورەکان و ناوچەییەکان بینیبوو *(بۆ باسێکی زۆر کورت لەبارەی سیموررۆم لەو سەردەمەدا بڕوانە بابەتی : لەشکرکەشییەك... لەم کتێبەدا).*

ڕەنگە ئیدی سین **Idi-Sîn** و زابازونا **Zabazuna** لەسەردەمی بنەماڵەی ئوردا ژیابن یان ماوەیەکی کەم پاش ئەوان. ناوەکەشیان لەسەر چوار پارچە بەردا نووسراوەتەوە کە لە ساڵی (١٩٧٧)دا لە شوێنێکدا بە ناوی بەردی سەنجیان **Bardi Sanjian** نزیك بێتواتە دۆزرابوونەوە[٣]. چوار بەردەکە سێ دەقن و لەیەك بابەت دەدوێن و هەمان بەسەرهاتیان لەسەردا تۆمارکراوە لەگەڵ چەند جیاوازییەکی کەم.

دەقەکان لەسەرەتادا ناوی ئیدی سین دەهێنن و بە پادشای بەهێزو پادشای سیموروم **Simurum** ناوی دەبەن. پاشان دەڵێن وڵاتی کولوننوم **Kulunnum** یاخی بوو و شەڕی کرد دژی زابازونا کوڕی ئیدی سین. پاش ناوبردنی خوداوەندەکانیش دەڵێت کوڕی پادشا شارەکەی وێران کردو دواتر نەفرەت لەو کەسە دەکات دەستکاریی ئەو شتانە بکات کە دروستیکردوون[٤] (بڕوانە خوارەوە بۆ دەقەکان).

دوو نەخش و یەك نووسینی تری بێتواتە وەکو ئەوەی سەرەوە هەن و کاتی خۆی برابوونە ئەورووپاو ئێستا لە مۆزەخانەی عیبری لە شاری (قودس)دان[٥]. نەخشی یەکەم میرێك یان پادشایەکی بێ ڕیش پیشان دەدات کە کەوانێکی هەڵگرتووەو لە گۆشەی سەرەودا شوێنەواری نووسینێکی تێکچوو دیارە[٦]. دووەم نەخشیش لەوانەی برابوون وێنەی ئافرەتێکی خوداوەندە کە لە پشتەوەی نووسینێکی شکاو هەیە[٧]. بەپاڵ ئەم دوانەش پارچە بەردێك هەیە کە بەپێی ئێدزارت **Edzard** سەرکەوتننامەیەکی هەشت ستوونیی ئیدی سینی لەسەردا نووسراوەو هاوتەریبی دەقەکەی ئاننوبانینییەو بڕیارە شافێر **Shaffer** بڵاوی بکاتەوە[٨]. هەروەها مۆرێکی لوولەکی و چاپی مۆرێکی تر دۆزرابوونەوە ناوی زابازونایان پێوەیە (بڕوانە خوارەوە).

جگە لەمانە چەند ساڵێك لەمەوبەر بەردێك تەسلیم بە مۆزەخانەی سلێمانی کرابوو (کە ئێستا بە بەردی غەریب هەڵەدنی ناسراوە) و لەلایەن کاك کۆزادو رافیدەخانەوە وەرگێڕدراوە. بەردەکە لە گوندی (قەرەچەتان)ی ناوچەی پیرەمەگروندا دۆزرابووەوەو باسی شەڕەکانی ئیدی سین دژی چەند شوێنێك دەکات و ناوی شارو وڵاتی زۆری تێدایەو کە دیارە دەسەڵاتی ئەم پادشایە گەشتبووە ئەو ناوچانە[٩]. یەکێکیش لەناوەکان بەگومانەوە بە خالمان **Halman** دەخوێنرێتەوە جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ ئەو کاتە دەسەڵاتی ئیدی سین گەشتبووە باشووری شارەزوور، چونکە خالمان ناوچەی سەرپل زەهاو دەگرێتەوە.

---

[1]Ibid.

[2]Ibid.

[٣]لەبارەیانەوە بڕوانە:

Dr.A-H. Al-Fouadi, Inscriptions and Reliefs from Bitwāta, in; Sumer, 34, 1978, p.122ff.

[4]Ibid, p.125f.

[5]Ibid, p.128ff.

[6]Ibid, p.128.

[7]Ibid.

[8]Ibid.

ئەمە قسەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستە، تازەش لە دوایەمین ژمارەی گۆڤاری ZA (ژمارەی ساڵی ٢٠٠٣) کە لە ئینتەرنێتدا بینیم شافێر دەقەکەی بڵاوکردۆتەوە بەڵام تەنها ناوونیشانی بابەتەکە هەبوو و هیچ ڕێگەیەك نەبوو بۆ وەرگرتنی بابەتەکە.

[٩]لە بارەی بەردەکەو وەرگێڕانی دەقەکە بڕوانە: رافدة عبدالله عبد الصمد و کوزاد محمد احمد، صخرة غریب هه له دنی.. حقائق ومعلومات وثائقیة، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە ، ١، ئابی ١٩٩٧ ، بە شی عەربی، ل١١٥ بەدواوە. دوو وەرگێڕەکە دەڵێن دکتۆر خالد ئەلئەزەعمی، مامۆستای شوێنەواری زانکۆی بەغدا، وشەبەوشە بەوەرگێڕانەکەی ئەواندا چۆتەوە(ل١١٦) بەڵام ئەوان هێشتا بە پێویستی دەزانن جارێکی تر پێیدا بچنەوە.



Sumer, 34 - چوار بەردەکەی بێتواتە

لەو دەقەدا (کە بەردێکە سپییەو لاکانی بەم جۆرەن: ۲۷×۳۷×۷۶ سانتیمەترو ۱۰۵ دێڕی لەسەر نووسراوە) سێ برگە هەن بەم جۆرە: با- نی ــ نی و هێماکانی پێش ئەمانە نەماون بۆیە هەردوو کۆزادو رافیدە بۆ ئەوە چووبوون کە ئەمە ناوی ئاننوبانینییە (پادشای لوللو) [1] ئەمەش زۆر ڕێی تێ دەچێت چونکە پێدەچێت دوو پادشاکەی سیموررووم لە هەمان سەردەمی ئاننوبانینیدا ژیابن واتە سەردەمی ئیسین ــ لارسا.

هەندێك شتی هاوبەش لەنێوان نەخش ونووسراوەکەی بێتواتەو نەخشەکەی ئاننوبانینی هەیە وەکو هەبوونی ناوی خوداوەند نیشبا Nišba لە نووسینەکەی بێتواتەداو خوداوەند نیسبا Nisba لەوەی ئاننوبانینی، بەڵام بێگومان ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە دوو پادشاکە هاوچەرخن چونکە ناوی خواوەندەکان بۆ ماوەی سەدان ساڵ دەمێننەوە بەڵکو هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین نیسبا (نیشبا، نیسپا، نیشپا) خوداوەندێکی ناوچەییی هاوبەشی نەك تەنها خەڵکی لوللو و خەڵکی سیموررووم بووە بەڵکو پێدەچێت هی گەلانی تریش.

هەروەها شتی هاوبەش هەیە لەنێوان نەخشەکەی بێتواتەو ئەوەی دەربەندی گاور[2](لە زنجیرە کێوی قەرەداغ) کە شوێنەوارناس هەیە بە هی سەردەمی ئور ۳ ی دەزانێت[3] هەرچەندە پێشتر دەگەڕێنرایەوە بۆ زووتر واتە سەردەمی ئەکەدی[4]، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە لەیەکتر جیاوازن وەکو شێوەی کەوانەکەی دەستیان و گۆشەی دەستە نوشتاوەکەو جۆری یەخەی ملەکەو قەدی کڵاوەکە کە لەوەی بێتواتە وێنەی چەند مانگێکی پێوەیە (کە هێمای خوداوەند سینە)و لەوەی دەربەندی گاوردا سادەیە[5].

لەبارەی نەخشەکەی دەربەندی گاوریشەوە ئەو ڕایەم هەیە کە لەوانەیە هی پادشایەکی سیموررووم بێت ئەویش بە ڕەچاوکردنی بۆچوونەکەی (ڤایدنەر) لەبارەی شوێنی سیموررومەوە ئەویش لە باکووری ڕۆژهەلاتی چیای حەمرین لەنێوان ڕوباری عزێم و سیروان[6] ، ئینجا ئەگەر ئەو پادشایە ئیدی سین بێت ئەو کاتە ئەو لەوێوە هاتۆتە ناوچەی قەرەداغ و پاشان شارەزوور و دواتر ناوچەی پیرەمەگروون و لە کۆتاییدا ناوچەی بێتواتە. تێبینیش ئەوە بکە کە لێرەدا ، واتە ناوچەی بێتواتە،کە دوورترە لە شارەزوور، زابازونای کوڕی ئیدی سین سەرکردایەتیی لەشکرەکە وەردەگرێت. ئەگەر سیمورروومیش دەوروبەری دەربەندیخان بووبێت ئەو کاتە پادشای خاوەن نەخشی دەربەندی گاور ئەگەر پادشایەکی سیموررووم بووبێت لەوێوە بەناو دۆڵی قەرەداغدا ڕۆشتووە.

## دەقەکانی ئیدی سین و زابازونا

سەبارت بە دەقەکانی بێتواتە کتێبەکەی فراین Frayne م بەکارهێناوە نەك بابەتەکەی د.عبدالهادی هەرچەندە ئەمیان سەرەتا وەریگێڕابوون. هەمان شتیش بۆ باقی دەقەکان لە کاتێکدا لە وەرگێڕانی بەردەکەی غەریب هەڵەدنی، کە دەقێکی زۆر گرنگەو ناوی

---

[1] لە چاپی دووەمی کتێبەکەمدا : مێژووی گەلی لوللو (ل٦٤، پەراوێزی ژمارە ٥١) وتبووم کە تەنها نی ـ نی ماوەتەوە و دانانی ئەمە بە ئاننوبانینی بێ بەلگەیە بەڵام دواتر کە سەیرێکی باشتری نووسینەکەم کرد بۆم دەرکەوت سێ هێمان : با ـ نی ـ نی .

[2] بڕوانە سەرچاوەی خوارەوە دەربارەی نەخشەکەی دەربەندی گاور:
E.Strommenger, Das Felsrelief von Draband-i-Gaur, Baghdader Mitteilungen, 2, 1963, S.83-88.

[3] بۆ نموونە ڕای مۆرتگات و د. صبحی انور رشید پشتگیریی لێ دەکات: د.صبحي انور رشيد، دراسة نقدية لمسلة بدرة، سومر، ٣١، ١٩٧٥، ص٤٥، هـ٢٣.

[4] بۆ نموونە: E.Strommenger, Op.Cit. S.88 .

[5] Al-Fouadi, Inscriptions and Reliefs from Bitwāta, p.127.

[6] بڕوانە باسەکەی خوارەوە کە وەرگێڕانەکەی لەم کتێبەماندا هەیە:
Ernst Weidner, Simurrum und Zaban, in; Afo, 15, 1945-1951, S.75-80.

شارو وڵاتی زۆری تێدایە تەنها ئاماژە بۆ ئەم چەند ناوە دەکەم کە هەندێکیان لە دەقەکانی شمشارە یان دەقە هاوچەرخەکانی دەبینین. یەك لەوانە شاری شیکشاببوم (یان شیشکامبوم) کە لێرەدا بەشێوەی شیکشامبی هاتووە، هەروەها وڵاتی ئوتووا، کە لە دەقەکانی شمشارەدا وڵاتی (ئوتێم) باسکراوەو پێدەچێت دەشتی ڕانیە بووبێت. هەروەها وڵاتی شاریداخوم کە ناوی شوروتخوم لە تۆمارێکی ساڵێکی ئامار سیندا هاتووەو لەگەڵ شاشروم (شمشارە) "وێرانکرابوون"، ئەمەش جگە لەوەی لە دەقەکانی شمشارەدا باسکراوە. (سیماشکوم)یش لەدەقەکەدا بریتییە لە سیماش یاخود شیماش لە باکووری ئێلامدا. جێگەی سەرنجیشە کە ئیدی سین ناوی چەند کەسێك دەبات بە وەسفی رابیانو ئاموریم (گەورەکانی ئامورییەکان)، راب ئاموریم (گەورەی ئامورییەکان) بە پلەیەکی سەربازی زانراوە یان بە شێخی هۆزی ئاموری.


بەردەکەی غەریب هەڵەدنی

وەکو وتیشم دوو وەرگێڕی بەردەکە بەپێویستی دەزانن پێیدا بچنەوە. ئیدی سین ناوی خالمان دەهێنێت کە لە دەوروبەری سەرپل زەهاودایەو کە سێ نەخشە هەڵکەندراوەی تێدایەو بەلای کەمەوە ئەوەی ئاننوبانینی یەکێکیانە بۆیە دوور نییە بەڕاستی دوانەکەی تر هی ئیدی سین بن(بڕوانە خوارتر).

ئەم دەقەی خوارەوە تەواوترین دانەیە لەسێ دەقەکەی بێتواتە:

(( ئیددیـ(ن)ـ سین **Iddi(n)-Sîn** (لە دەقەکەدا: **$^{d}$I-dì-$^{d}$EN.ZU**) ، پادشای بەهێز، پادشای سیموروم **Simurum** [1] ، زابازونای کوڕی. کولوننوم یاخی بوو و شەڕی بەرپاکرد دژی زابازونا. خوداوەندەکان ئاداد، ئێشتار، نیشبا وشەکەی زابازونایان بیست. شارەکەی وێران کرد و بۆ ئەو خوداوەندانە پیرۆزی کرد. لەوحێکی دامەزراند بۆ خوداوەند ئێشتار. ئەو کەسەی ئەم کارەم لابەرێت یان نووسینەکە بسڕێتەوە یان بەهۆی نەفرەتەکەیەوە (= لە ترسی ئەو نەفرەتەی لە نووسینەکەدا هاتووە/ ف.ق) کەسێکی تر هان بدات(ئەمە بکات) ئەو پیاوە با خوداوەندەکانم ئانوم، ئێنلیل، نینخورساگ، ئێا، سین، ئاداد ئاغای چەك، شاماش، ئاغای حوکمدانەکان، ئێشتار ئاغاژنی جەنگ، نینسیاننا خوداوەندەکەم، خوداوەند نیشبا ئاغاکەم نەفرەتێکی خراپەی بەسەردا دابەزێنێت. با تۆوەکەی لەناوبەرن وبناغەکەی وردولەت بکەن . با میراتگرو وەچەی نەدەنێ. با ژیان شتە قەدەغەکراوەکەی بێت. کە درەو کردن نەبێت(؟) با ئەمە بۆ خەڵکەکەی زەحمەت بێت.)) [2].

دەقی دووەم وسێیەم (کە ئەمەی دوایی بریتییە لە دوو پارچە بەرد) نزیکی نیوەیان شکاوەو هەروەکو دەقەکەی پێشوون بەڵام لە یەکەمیاندا نووسراوە کە لەوحەکە بۆ ئاداد کراوەو سەرەتای نەفرەتەکە هەیەو ئیتر شکاوی دەست پێ دەکات [3]. دەقەکەی تریش دەڵێت : ((عەرشێکی بۆ خوداوەند نیشبای ئاغای دامەزراند))و دواتر ئەویش سەرەتای نەفرەتەکەی هەیەو لەوە بەدوا شکاوە [4].

پاشان سێ پارچە بەردی نووسراوی تر (کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن) کە لەوانەیە لە هەمان شوێنەوە بن و ئێستا لە مۆزەخانەی ئیسرائیل لە قودسدان [5] و نووسینی سەرکەوتنی ئیدی سینیان لەسەر نووسراوەو فراین دەڵێت لەلایەن شافێرەوە بڵاودەکرێنەوە [6] (٤٥) (بڕوانە سەرووتر) بۆیە وەرگێڕانەکەیانی نەنووسیوە.

نەخشێکیش هەیە لەباکووری سەرپل زەهاو کە ئێدزارت بە هی ئاننوبانینیی دەزانێت ئەویش بەهۆی هەندێك شوێنەوار لە ستوونی یەکەمی نووسینی سەر نەخشەکە بەڵام فراین دەڵێت ئیملای ئەم دەقە جیاوازیی هەیە لەگەڵ نووسینەکەی ئاننوبانینی کە دووسەد مەتر لەم نەخشەیان دوورترەو شێوازی نەفرەتەکەشی هاوشێوەی ئەوەی ئیدی سینە بۆیە زیاتر ڕێی تێ دەچێت

[1] فراین دەنووسێت : سیموررروم Simurrum بەڵام لە دەقەکەدا : سیموروم si-mu-ri-im . هەمان شێوازیش، واتە سیموروم لە بەردەکەی غەریب هەڵەدنیدا هەیە.

[2] RIME, 4, pp.708-709.

[3] Ibid, p.710.

[4] Ibid, p.711.

[5] ئەمە قسەی فراینە لە کاتێکدا الفؤادي دەڵێت مۆزەخانەی عیبری وەك لە سەرووتر وتبوومان.

[6] Ibid, p.712.

نەخشەكە هی ئیدی سین یان كوڕەكەی بێت. فراین نووسینەكەی هێناوە كە حاڵی خراپەو وەرگێڕانەكەی نووسیوەو ئەمەی لێ وەردەگرم:

١- دوو هێمای زا-با za-ba لە دێڕی چوارەمدا هاتوون و هێمای پێشەوەو دواوەیان شكاون و (فراین) ئەمە بە زابازونا تەواو دەكات.

٢- دێڕی پێنجەم: هێمای MU ماوەو فراین بە [DU]-MU-[ni] تەواوی دەكات واتە: كوڕەكەی.

٣- دوای شكاوییەكی زۆر كە تەنها دوو ڕستە خوێنراونەتەوە سێ دێڕی شكاو هەن كە بەمە تەواو كراون : وێــ [نە]كەی لەسەر كـ[ێوی بــ] ا [تیـ ]ر [ د] انا.

كێوی باتیر لەلایەن ئاننوبانینییەوە ناوبراوە كە وتوویەتی نەخشەكەی لەسەر هەڵكەندووە.

٤- دواتر چی بە ساغی ماوەو چ شكاوییەك لە نووسینەكە تەواوكراوە هەمان ئەو نەفرەتەیە كە لە نووسینەكەی پێشوودا بینیمان[١].

جگە لەمانە مۆرێكی لوولەكی لە مۆزەخانەی بەریتانیدا هەیە كە نازانرێت لە كوێوە بەدەستكەوتووەو ئەمەی لەسەر نووسراوە:

"زابازونا (*لێرەشدا هەروەها نیشانكەرەوەی خوداوەندێتی پێش ناوەكەی خراوە*)

پادشای بەهێز

تێخێش ئاتال Teheš- atal ی

نووسەر

خزمەتكاری تۆیە[٢] ".

ناوی نووسەرەكە، تێخێش ئاتال كە ناوێكی خوررییە بەپێی خوێندنەوەی (ئاری) بە (ئاتال) وەرگیراوە دەنا ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە ڕاست نەبێت ناوەكە (تێخێشاری)یە.

چاپی مۆرێكیش لە شاری ئیشنوننا ـ (تل اسمر)ی نزیك باقووبە، كە شارێكی دەركەوتووی بەشێكی سەردەمی بابلیی كۆن بوو، دۆزراوەتەوەو بە پێی (وایتینگ) دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەرەسی بنەماڵەی سێیەمی ئور (كە ساڵی ٢٠٠٤ پ.ز ڕوویدابوو/ ف.ق)و پێش سەردەمی بیلالاما(سەردەمی حوكمی بەوردی نەزانراوە بەڵام هاوچەرخی دووەم پادشای ئیسین بوو كە لەنێوان ١٩٨٤-١٩٧٥پ.ز حوكمی كردبوو/ ف.ق).

هەردوو الفؤادی و فراین نووسینی چاپی مۆرەكەیان هێناوە و ئەمەیان هی دووەمیانە:

[زا] بازونا، پادشای بەهێز، [ز] یلی ـ ئێوری [Z]ili-ewri (باقی نووسینەكە فەوتاوە). هێمای we ی ناوی دووەم لە دەقەكەدا وا هاتووە : ib و شوێنەواری بەشێكی دیارەو فراین دەڵێت ئەم (ئیبـ ــ ری) شێوازێكی نووسینی وشەی خورری : ئێوری ewri یە كە واتای ئاغا (یاخود : پادشا/ ف.ق) دەدات[٣]. زیلی ئێوری ناوی كەسە.

---

[1]Ibid, pp.712-714.

[2]Ibid, p.715.

[3]RIME, 4, p.716.